# جیهانی کتێب

**ناوی کتێب: پاریس پایتەختی تازەگەری**

**نووسینی: داڤید هارفی**

**لەبڵاوکراوەکانی: ڕۆتلیدج-نیویۆرك-2005**

**ژمارەی لاپەڕە: 372لاپەڕەی گەورە**

و: هەورامان وریاقانع




دانەری ئەم کتێبە توێژەری ئەنگلۆساکسۆنی “داڤید هارفی”ە کە پسپۆڕە لەکاروباری مێژووی رۆشنبیری فەرەنساو هەموو ئەوروپا. ئەو لێرەدا کتێبێکی گرنگ س ەبارەت بەڕۆڵی پاریس لەدروستکردنی تازەگەری سیاسیو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیری بەدرێژایی دووسەدەی رابردوو، دەخاتەڕوو. ئێمە ئەمە دەڵێینو دەزانین پاریس لەسەر ئاستی هەموو جیهانی پایتەختی رۆشنبیریو هونەر بووە، نەك بەتەنها لەسەر ئاستی فەرەنسا.

پاشان دانەر بەردەوام دەبێو دەڵێ: پێویستە بزانین خودی ووشەی “تازەگەری” لەسەر دەستی “بۆدلێر”و لەدەوروبەری ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە دەرکەوت، "بۆدلێر" لەداهێنانی ئەم وشەیە پاشگەزبووەوە، چونکە لەو باوەڕەدا بوو کە وشەیەکی دزێوو ناقۆڵایەو شایەنی زمانی فەرەنسی نییە! ئەو نەیدەزانی دواتر بەجۆرێك بڵاودەبێتەوە وەك بڵاوبوونەوەی ئاگر لەپوشوپەڵاشو هەموو جیهان بەکاریدەهێنن.

لەڕاستیدا پاریس دوو جۆر لەتازەگەری بەخۆوەبینی:

یەکەمیان تازەگەری بۆرجوازییەت، دووەمیان تازەگەری سۆشیالیزم.

یەکەمیان دوای شۆڕشی فەرەنسی و لەمیانەی کارەکانی "ناپلیۆن بۆنابارت"ەوە دەرکەوت. ئاشکرایە ئەم شۆڕشە گەورەیە جیهانی دەرەبەگایەتی کۆنی هەڵتەکاندو لەشوێنیدا جیهانی بۆرجوازیەتی تازەی دامەزراند. ئیدی ئەوکات فەلسەفەی رۆشنگەری و مافەکانی مرۆڤ شوێنی تیولۆژیای کڵێسا یاخود مەسیحییان گرتەوە کە بەدرێژایی چەندین سەدە هەیمەنەیان بەسەر فەرەنساو سەرتاپای ئەوروپادا کردبوو. بەم شێوەیە پاریس جاڕنامە بەناوبانگەکەی مافی مرۆڤو هاولاتیبوونی بۆ جیهان بلاوکردەوە. هەروەها یاسا مەدەنییەکەی "ناپولیۆن"یشی بەخشییە هەموو جیهان.

لێرەوە تازەگەری بۆرجوازییەت بووە هۆی هێنانە ئارای یەکسانی لەنێوان هاولاتیاندا، بەبێ رەچاوکردنی بنو بنەچە یاخود بەبێ رەچاوکردنی ئاین یان مەزهەب.ئەمەش تەواوێك لەگەڵ ئەو دروشمە بەناوبانگە یەکیدەگرتەوە کە شۆڕشی فەرەنسی بەرزیکردبووەوە: دروشمی(ئازادی، یەکسانی، خۆشگوزەرانی).

ئاشکرایە دەنگدانەوەی شۆڕشی فەرەنسی گەشتە هەر چوارلاکەی جیهانو هیچ ناوچەیەکی جیهان نەما گوێبیستی یاخود کەم تا زۆر کاریگەر نەبێ بەپرنسیپەکانی ئەو شۆڕشە. جیهانی عەرەبی و ئیسلامیش لەو جیهانانەبوون کە بەو شۆڕشە کاریگەربوون.

گەر ئەو کاریگەرییە نەبوایە، ئەوا ئەو چاکسازییە لەناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و لەسەدەی نۆزدەو لەژێر ناونیشانی: رێکخستنەکان-التنظیمات- روینەدەدا. دەکرێ هەمان شت لەسەر چاکسازییەکانی "محەمەد عەلی" لەمیسرو دەستکەوتەکانی "رفاعیە رافع تەهتاوی" بلێین. ئەودەم لەپاریسەوە باهۆزی ئازادی و تازەگەری بەسەر هەموو جیهاندا هەلیکردبوو. ئەمە شتێکە هیچ عاقڵو تێگەیشتویەك گومانی لێناکات.

دواتر دانەر بەردەوام دەبێو دەڵێ: تازەگەری سیاسی هاوکات لەگەڵ خۆیدا تازەگەری کۆمەلایەتی و رۆشنبیری و هونەری و ئەدەبی هێنا، ئیدی دابونەریتە ئۆرستۆقراتییە کۆنەکان گۆڕان و چیتر یەکێك نەما کوڕی (خانم) بێت و یەکێکی دیکە کوڕی (کارەکەر)، بەڵکو هەموو کوڕوکاڵی گەلی فەرەنسی وەك یەکیان لێهات و یەکسان بوون. لێرەوە منداڵی خێزانە خانەدانەکان چیتر ئەو پلەوپایەیان نەما کە پێشتر هەیانبوو، هەروەها پیاوانی ئاینی زۆرێك لەو دەسەلات و هەیمەنەیەی هەیانبوو لەدەستیان دا، تایفەگەریش پاشەکشەی کرد، بگرە لەزۆربەی ناوچەکانی فەرەنسا بوونی نەما، دامودەزگاکانی خوێندنو دامودەزگاکانی دیکە، چیتر لەنێوان کاسۆلیك و پرۆتستانت جیاوازییان نەدەکرد، واتە لەنێوان منداڵانی سەربە زۆرینەو منداڵانی سەربە کەمینە. هەموویان بە یەکسانی و بە پلەی یەکەم بوونە هاولاتی فەرەنسی. چیتر هاولاتیبوون لەسەر ئەساسی ئاین یاخود مەزهەب نەبوو، بەڵکو لەسەر ئەساسی پرنسیپەکانی فەلسەفەی رۆشنگەری و جاڕنامە بەناوبانگەکەی مافی مرۆڤو هاولاتیبوون، بوو. هەموو ئەو پلەوپایانەی چینی دەرەبەگی خانەدان لەسەردەمی کۆندا هەیان بوو، نەماو لێیان وەرگیرایەوە، پلەوپایەیەك باجەکەی گەلی فەرەنسی بەئارەقی نێوچاویان دەیاندا.

ئەم تازەگەریە سیاسی و کۆمەلایەتییە، تازەگەری ئەدەبیشی بەدوای خۆیدا هێنا، ئەمەش لەڕۆمانی واقعی تازەدا بەرجەستە بوو کە "بلزاك" لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا هێنایە ئارا. ئاشکرایە "بلزاك" رۆمانی لەقۆناغی رۆمانتیکییەوە گواستەوە بۆ قۆناغی ریالیزمی رەخنەیی کە واقع وەك ئەوەی هەیە وێنا دەکات و ناکەوێتە دوای خەونە نارنجییەکان وەك ئەوەی پێشتر.

ئەو کۆمیدیا مرۆڤانەیەی کە "بلزاك" نوسیویەتی، باشترین وێنەی لەسەر ژیانی

کۆمەڵگای بۆرجوازیەتی فەرەنسی ئەوکات پێشکەش کردوین. لێرەوە "بلزاك" لەسەر ئاستی رۆمان پێشەنگی تازەگەرییە، بەهەمان ئەو ئەندازەیەی "بۆدلێر" کە کەمەکێك دوای "بلزاك" هات و پێشەنگی تازەگەرییە لەسەر ئاستی شیعر.

دواتر دانەر بەردەوام دەبێ و دەڵێ: "بۆدلێر" توانی تازەگەرییەك دامەزرێنێ و ناوێکیش بۆ خۆی پەیدا بکات. "بۆدلێر" شیعری لەقۆناغی رۆمانتیکییەوە کە تەواو بێزرابوو، گواستەوە بۆ قۆناغی ریالیزمی. شیعرەکانیشی پەیوەست بوون بەشاری پاریسەوە کە زۆربەی ژیانی خۆی تێدا بردبووەسەر. بگرە شیعرە پەخشانەکانی دەکرێ ئەم ناونیشانە لەخۆبگرن: (چەند دیمەنێ لەژیانی پاریس)، بەڵام "بۆدلێر" نرخی ئەم تازەگەرییە ریالیزمییە رەشبینەی دا. دیوانە بەناوبانگەکەی (گوڵە بەدەکان) کۆکرایەوەو پارەیەکی زۆریشیان لێوەرگرت، چونکە گوایە لەو دیوانەیدا سوکایەتی بە بەها کۆمەڵایەتی و ئاینییە باوەکان کردووە. ئاشکرایە "بۆدلێر" لەهەندێ لەشیعرەکاندا گاڵتەو سوکایەتی بەهەندێ بیروباوەڕی مەسیحی کردووە.

دواتر دانەر دەڵێ: دوای ئەم تازەگەرییەی بۆرجوازییەت کە هەیمەنەی بەسەر نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا کردبوو، لەنیوەی دووەمی سەدەکەدا بزوتنەوەی سۆشیالیزم دەرکەوت. بگرە دەکرێ بڵێین ئەم بزوتنەوەیە لەشۆڕشی بەناوبانگی ساڵی 1848 دەستپێدەکا و تاکو شۆڕشی پاریسی ساڵی 1871 بەردەوام دەبێت. شۆڕشی ساڵی 1871 ئەو شۆڕشە بوو کە چینە میللییەکان و چینی کرێکاری هەژارو دەستکورت پێیهەستان کە بۆرجوازییەتی دەسەڵاتدار بەئاگرو ئاسن دایمرکاندەوەو بەو هۆیەوە شەقامەکانی پاریس پڕبوون لەخوێن.

لێرەدا زۆرێك لەشاعیران دەبینین کە بەشان و باڵی ئەو شۆڕشەدا هەڵیانداوەو چەندین شیعریان بۆ نوسیوە. بێگومان لەهەموویان بەناوبانگتر "ئارسەر رامبۆ"یە، بەڵام هەر ئەو نییە بەتەنها. جگە لەوە رۆمانی "بێنەوایان-البؤساء"ی "فیکتۆر هیگۆ" ناکرێ لەو کەش و هەواو ململانێ گەرمەی نێوان دەوڵەمەندەکان و هەژارەکانی دابڕین. "هیگۆ" لەو رۆمانەیدا بەشێوەیەکی ترسناك وێنەی ژیانی چینە میللیەکان لەهەندێ لەگەڕەکەکانی پاریس دەخاتە بەرچاو. جێگای وەبیرهێنانەوەیە مەسەلەی هەژاری و دەرۆزەکردن و برسییەتی لەگرنگترین مەسەلەکانی ئەوکات بوون.

ئەودەم بزوتنەوە سۆشیالیزمییەکان دەستیان کرد بەدەرکەوتن و ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر بەهەیمەنەی چینی بۆرجوازی لەسەر کۆمەڵگای فەرەنسی و چەوساندنەوەی بەو شێوە چاوچنۆکییە. ئەوکات بۆرجوازییەت لەدەورانی ئەوەدا بوو بگۆڕدرێ بۆ سەرمایەداری، ئا بەم جۆرە دەبینین پاریس یان هەموو فەرەنسا دوو تازەگەرییان بەخۆوە بینی نەك یەك:

یەکەمیان تازەگەری بۆرجوازی کە دوای شۆڕشی فەرەنسی دەرکەوت و کودەتایەك بوو بەسەر سەردەمی دەرەبەگایەتی و ئوسوڵیەتی مەسیحی کۆن. دووەمیان تازەگەری شۆڕشی سۆشیالیزمی کە پاشتر دەرکەوت و کودەتایەك بوو بەسەر هەیمەنەی بۆرجوازییەتدا کە گۆڕابوو بۆ چینێکی چەوسێنەر. لەهەردوو جارەکەشدا ئەدەب گۆڕانی بەسەردا هاتووەو قوتابخانەی ئەدەبی تازە سەریانهەڵداوە. بۆ نموونە ناکرێ لەڕۆمانەکانی "ئەمیل زۆلا" تێبگەین گەر نەیبەستینەوە بەسیاقی شۆڕشی کۆمەڵایەتی و سۆشیالیزمییەوە. "زۆلا" لەقۆناغی ریالیزمی ئەدەبی یاخود قۆناغی رۆمانی ریالیزمی گواستییەوە بۆ قۆناغی توێکاری فسیۆلۆژی کۆمەڵگای فەرەنسی، ئەم قوتابخانەیەش ناونرا قوتابخانەی (نێچیراڵیزم-الطبیعیة): واتە نقومبوون یان ڕۆچوون بەنێو ڕیالیزمدا. وەلێ نابێ لەمەوە وا تێبگەین کە ئەدەب بووەتە شتگەلێکی بابەتیانەی ساردو سڕی بێ سۆز یان بێ شعر،

لەواقعدا ئەو بارگە و زمانە شیعرییەی ڕۆمانتیك لای هیچ یەكێك لەڕۆماننوسە گەورەكان بزرنەبووەو لێی جیانەبووەتەوە، گەرچی ئەو رۆماننوسە گەورانە لە وەسف و تێڕوانینیاندا بۆ بابەتەكانیان زۆر ڕەخنەگرانە یان ریالیزمیانە بوون.

لێرەوەیە بە"بەلزاك" دەڵێن گەورەترین شاعیر لەڕۆمانی فەرەنسیدا. دەكرێ هەمان شت سەبارەت بە"فلوبێر" و "ستندال" و ئەوانی دیكە بڵێین. رۆمانی (مەدام بۆڤاری) گەر بزانین چۆن بیخوێنینەوە پڕە لەشیعر. هەمان شت سەبارەت بەشاكارەكەی "ستندال" سور و رەش، ڕاستە. هەر لەبەر ئەمەشە "ڤۆڵتێر" ئەمەی خوارەوەی وت: (هیچ ئەدەبێك بەبێ هەستێكی رۆمانتیكیانە بوونی نییە، واتە هەستێكی شاعیریانە). بەڵام رۆمانتیكی لای نوسەرانی تازەگەری چیتر شتێكی بێزراو و سواو نەبوو، وەك پێشتر. ئەمە هەموو حاڵەتەكەیە.

دواتر پاریس بەردەوام بوو لەسەر رۆڵی پێشەنگی لەهەموو بوارەكاندا. بزوتنەوەی ئینتباعی لەهونەری وێنەكێشاندا هەر لە پاریس سەریهەڵدا، پێش ئەوەی بگوازرێتەوە بۆ سەرانسەری ئەورووپاو جیهان و چەندین هونەرمەندی مەزنی بەرهەمهانی، لەوانە "مونیە" و "مانی" و "ڤان كوخ" و دەیانی دیكە. دەكرێ شۆڕشی تازەگەری لەشیعردا لەسەر دەستی سیانەی مەزن: "رامبۆ"و "لۆتەر یامون" و "مالارمێ" بهێنینەوە بیر خۆمان. ئەوانە گواستنەوەیەكی تازەیان بەسەر شیعردا هێنا، بەبەراورد بەسەردەمی "بۆدلێر" كە راستەوخۆ دوای ئەو هاتن. ئەوان شیعریان بەتەواوی لەوەزن و سەروا رزگاركردو شێوازێكی تازەیان لەوێنەو گوزارشتكردن داهێنا.

ئەم شۆڕشە شیعرییەشیان پەڕییەوە بۆ هەموولایەكی جیهان، بێگومان بۆ جیهانی عەرەبیش. ناكرێ لەو شۆڕشە شیعرییە عەرەبییە تێبگەین كە لەشەستەكانی سەدەی بیستدا هاتە ئاراوە، ئەگەر بەراوردی نەكەین لەگەڵ ئەو شۆڕشە شیعرییەی كە لەشەستەكان وحەفتاكانی سەدەی نۆزدە لەپاریس هاتبووە ئاراوە.

سەبارەت بەهونەری (شێوەكاری) پاریس لەسەرەتاكانی سەدەی بیستداو لەسەر دەستی "بیكاسۆ" و "سلفادۆر دالی" و ئەوانی دیكە، ببووە پایتەختی تەجریب و تازەگەری. هاوكات شۆڕشی سوریالی سالی 1920 لەسەردەستی "ئەندرێ بریتۆن"و برادەرەكانی لەنێو شەقامەكانی پاریس بەرپابوو. یەكەم بەیاننامەی سوریالی بۆ یەكەمجار ساڵی 1924 دەركەوت. سوریالیی‌یەت عەقڵی ناوەوەی هونەرمەند یاخود نووسەری رزگاركردو هانیدان ئەوەی كە لەناخی خۆیاندا هەستی پێدەكەن، گەر باش و بەكەڵكیش نەیەت، لەمیانەی نووسینەوە دەریببڕن.

ئاشكرایە كەسی داهێنەر پێشتر ئارەزوەكانی خۆی خەفەكردبوو، دەترسا دەربڕینی ئەو ئارەزوانەی ببێتە شوێنی گلەیی و گازەندەی ئەوانی دیكە، گوایە ئەو ئارەزوانە لە ئاین یاخود لەداب و نەریتە كۆمەڵایەتییە رەگ داكوتاوەكان لایداوە. وەلێ لەگەڵ دەستپێكردنی قۆناغی سوریالیزم كەسی داهێنەر چیتر لەهیچ شتێ نەدەترسا، بگرە گوزارشتی لەهەموو ئەو ئێش و ئازارو حەزو غەریزە سێكسیە قەدەغەكراوانە دەكرد كە لەناخی خۆیدا گێنگڵیان دەدا.

دەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێت ئەوە پاریس بوو فەلسەفەی وجودیەتی لەسەر شێوازی "جان پۆل سارتەر" و فەلسەفەی بونیەویەتی لەسەر شێوازی "لیڤی شتراوس" و "میشێل فۆكۆ" و "جیل دۆڵۆز"و فەلسەفەی شیتەڵكاری لەسەر شێوازی "جاك دریدا" بەخشییە جیهان.

بەڕاستی لانی كەم پاریس ماوەی دووسەدەیەو تاكو ئێستاش پایتەختی رۆشنبیری و تازەگەرییە.

سەرچاوە: بەیان الكتب/ 2006/2/6

## دوا هەمین شەڕەشیر

## نووسینی: ئاریاك جاگیر

## لەبڵاوكراوەكانی: ڕاندۆم هاوس/ نیویۆرك/ 2005

## ژمارەی لاپەڕە: 242 لاپەڕەی گەو

و: هەورامان وریا قانع

دانەری ئەم كتێبە پرۆفیسۆر "ئاریاك جاگیر"ە، كە مامۆستای زانستی مێژووە لەزانكۆی (میشیگان)ی ئەمریكیو ماوەیەك مامۆستا بووە لەزانكۆی (كۆلۆمبیا). پێشتر چەند كتێبێكی بڵاوكردۆتەوە لەوانە كتێبێك بەناونیشانی (كتێبی دڵ) كە تێیدا لێكۆڵینەوە لەسەر وێنەی دڵ دەكات لەئەدەبی سەدەكانی ناوەڕاست: واتە ئەو وێنە خەیاڵی یاخود سۆزدارییەی كە شاعیرەكانو ئەدیبەكان لەو سەردەمانەدا سەبارەت بەدڵ دروستیان كردبوو. هەروەها ئەم پرۆفیسۆرە چەندین وتاری لە ڕۆژنامەكاندا دەبارەی بابەتگەلێكی زۆر بڵاوكردۆتەوە. ئێستا لە شاری (لۆس ئەنجلۆس) دەژیو بەردەوامیشە لەسەر نووسین.

دانەر لەم كتێبە تازەیەدا بەڕوونیو ئاشكرایی باس لەمێژوویەك دەكات تایبەتە بەشەڕە شیری نێوان دوو پیاو. ئاشكرایە لەسەدەكانی ناوەڕاست شەڕەشیر دیاردەیەكی باو بووە، بەڵام دواتر سەدەكانی مۆدێرنە لەبەر دڕندەییو هەمەجییەتی دیاردەكە، وازی لێهێناو لێیدوركەوتەوە. لە واقیعدا شەڕەشیر لەسەدەكانی ناوەڕاستدا نیشانەی پیاوەتیو سوارچاكیو ئازایەتی دەگەیاند. گەر یەكێك داوای لێكردی شەڕەشیری لەگەڵ بكەیت، ئەوا تۆ ناتوانی ئەو داوایەی ڕەتكەیتەوە، چونكە گەر ڕەتتكردەوە، ئەوانی دیكە بەترسنۆك ناوتدەبنو بەدرێژایی ژیانیشت بەسووكو چروك تەماشات دەكەن.

لەوانەیە هەندێ جار شەرەشیر لەپێناو دڵی ئافرەتێكدا رویدابێت، دووپیاو بۆ بەدەستهێنانی دڵی ئافرەتێك كەوتوونەتە ململانێ لەگەڵ یەك. لەوانەشە لەپێناو مەسەلەی شەرەف یاخود تەنها لەپێناو تەحەداكردندا یان لەپێناو شتی زۆر بێنرخو پڕوپووچ، ڕوویدەدا. پاشان خەڵكی تەماشای ئەو دوو كەسەیان دەكرد كە تێكگیراونو بەشمشێر شەڕیان لەگەڵ یەكتر دەكرد، ئەم شەڕە شمشێرەش لەبەرچاوی بینەرانی پڕ جۆشو خرۆش بەردەوام دەبوو تا ئەوكاتەی خوێن لەیەكێكیانەوە فیچقەی دەكردو بریندار دەبوو یاخود تا ئەوكاتەی یەكێكیان بەسەر ئەوی دیكەیاندا سەردەكەوت.

دواتر دانەر چیرۆكێكی ڕاستەقینەمان بۆ دەگێڕێتەوە كە لەپاریسداو لەسەردەمی سەدەكانی ناوەڕاست ڕوویداوەو دەڵێ: لە1386/12/29 پەرلەمانی پاریس فەرمان بۆ دوو پیاو دەردەكات كە دەبێ شەڕە شمشێر لەگەڵ یەكتر بكەن. گۆڕەپانی ئەم شەڕەش لەنزیك كڵێسای قەدیس (مارتان) بووە كە دەكەوێتە ناوەڕاستی پایتەختی فەرەنسا. ئەم شەڕە شمشێرەش لەبەردەم بینەراندا رویدەدا، بینەرانێك پێكهاتبوون لەدەوڵەمەندانی فەرەنسا، هەر لە(شارلی شەشەمەوە) بەرەوخوارەوە. هەموو كەسایەتییە خانەدانو نەجیب زادەكان ئامادە دەبوون، ئاخۆ ئەو دوو كەسە كێن كە شەڕەشیر لەگەڵ یەكتر دەكەن؟ ئەم دوانە یەكێكیان ناوی "جان دۆكارج"ە، دووەمیشیان هاوڕێكەی پێشوتریەتی، بەڵێ هاوڕێكەی كە ناوی "جاك لۆگری"ە.

بگرە ئەو دوانە پێكەوە لەبازرگانیكردندا ئیشیان دەكردو شەریكی یەكتربوون. ئەدی بۆچی ئەم

شەڕەشیرە بەناوبانگە لەنێوان ئەم دوو پیاوەدا روویدا؟ لەبەرئەوەی پیاوی دووەم بەتۆمەتی فڕاندنی ژنی پیاوی یەکەم تۆمەتبار کرا: لێرەوە بۆ جیاکردنەوەی ئەم دوو پیاوە لەیەکتر، هیچ دەرفەتو رێوڕەسمێك نەبوو تەنها پەنابردنە بەر شەڕە شمشێر نەبێت. پاش چەندین جەولەی پڕ لێدانو لەیەکتر سرەواندن، پیاوی یەکەم کە ژنەکەی فڕێندرابوو، توانی پیاوی دووەم بکوژێ. شەڕە شمشێرەکە زۆر توندوتیژبوو.

دواتر دانەر بەردەوام دەبێو دەڵێ: بەڵام ئەو شتەی مێژوونووسە هاوچەرخەکانی نیگەران کردبوو، بریتیبوو لەو گومانەی کە ئەو مێژوونووسانە سەبارەت بەچیرۆکی فڕاندنەکە هەیانبوو، چونکە ئەو پیاوەی بەکاری فڕاندنەکە تۆمەتبار کرابوو، زۆر دڵنیانەبوون لەوەی ئەو ئیشە خراپو ئابڕووبەرەیەی کردبێ، بەتایبەتی بۆ خەڵکانی سەدەکانی ناوەڕاست، کێ ژنی برادەری خۆی دەفڕێنێ؟ مەگەر کەسێکی زۆر ریسواو چروكو هیچو پووچ بێ.

لێرەوە پێدەچێ ئەو پیاوە لەو کێشەیەدا غەدری لێکرابێتو بەهەڵەش کوژرابێ، بەڵام بەچاوپۆشین لەم چیرۆکە کاریگەرە، ئەوا "ئاریك جاگیر"ی مێژوونووس کۆمەڵێ پرسیاری گرنگ سەبارەت بەمەسەلەی شەڕە شمشێر و سروشتە دڕەندەییەکەی پێشینە کۆمەڵایەتیەکەی و هەلومەرجە ڕۆشنبیری و سیاسیەکەی دەخاتەڕو و دەڵێ: فەیلەسوفانی رۆشنگەری ئەم چیرۆکەیان قۆزتەوە تاکو ئیدانەی ئەو جۆرە ئیشوکارە بەربەریانە بکەن کە لەسەردەمی تاریکیو دەرەبەگایەتیدا روویدەدا. رەنگە "جاك لۆگری" کە لەو شەڕە شمشێرەدا کوژرا، پیاوێکی بێوەی بوبێتو هیچ پەیوەندی بەو بابەتەوە نەبوبێت.

ئەو شتەی کە ئێمەی هاوچەرخ بێزار دەکاتو رقمان لێیدەبێتەوە، ئەمەی خوارەوەیە: گەورە بەرپرسانی وڵاتو لەسەروی هەموشیانەوە پاشای فەرەنسا، چۆنو بەچ شێوەیەك توانیویانە لەزەتو خۆشی لەتەماشاکردنی ئەو شەڕە شمشێرە وەربگرن؟! چۆن توانیویانە لەزەت لەوە وەربگرن کە پیاوە دۆڕاوەکە بەلاشەیەکی برینداری خوێن لێڕۆیشتووەوە کەوتووەتە سەر زەویو هاوارو ناڵەشی بەرزبووەتەوە، بێگومان هیچ کەسێکیش نەبەفریای کەوتووەو نەتەداویش کراوە، چونکە ئەو بەفڕاندنی ژنی برادەرەکەی تۆمەتبار کراوە. هەر بۆیە ئەوان وەك تاوانبارێك تەماشایان دەکرد.

پاشان دانەر بەشێوازێکی هونەری جوانو سەرنجڕاکێش هەموو قۆناغەکانی شەڕە شمشێر باس دەکات. دانەر جۆرێك لەڕۆمانی مێژوویی دەنوسێ کە وێنای کەشوهەوای سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپای دەرەبەگایەتیو ئوسوڵیتمان بۆ دەکات.

ئاشکرایە چیرۆکەکە لەهەمان ئەو ماوەیەدا رویداوە کە جەنگی خاچپەرستەکانیش لەئارادا بووە. لەواقعدا ئەوەی لەمڕۆکەدا ئێمە تووشی سەرسوڕمانو شۆك دەکات، خەڵکی ئەو سەردەمەی تووشی شۆكو سەرسوڕمان نەدەکرد. ئەمەش یەکێکە لەو ئامانجانەی دانەر لەمیانەی ئەم کتێبەوە دەیەوێت بیگاتێو بەدەستی بێنێت. لێرەوە ئەم کتێبە بەشدارییەکی جدیو گرنگ دەکات لەوەی لەئێستادا پێیدەگوترێ مێژووی عەقڵەکان: واتە ئەو مێژووەی لێکۆڵینەوە لەسەر عەقڵیەتی سەدەکانی رابردو و عەقڵیەتی سەدەکانی مۆدێرنە دەکاتو جیاوازی نێوان هەردووکیشیان ئاشکرا دەکات.

سەرچاوە:
بیان الکتب 2005/9/19